# با لە یادی 24-4 ی ئەمسالدا

# برینە ساریژ نەبووەکانی قەلادزێ چارەسەر بکرێن!!

........................................

## خەلکی شەریف و بەش مەینەتی قەلادزێ و ناوچەی پشدەر

24-4 لە یادەوەری هەر یەکێکماندا ، 2 شتمان بە بیر دەهێنیتەوە ، لە لایەکەوە بۆردوومان و راگواستن و کوشتن و راوەدوونان و سەرکوتی بەعس ، لە لایەکی تریشەوە راپەرین و وەستانەوە بەرامبەر بە بەعس وسیاسەتە رەگەز پەرست و سەرکوت گەریەکانی.

بۆردوومانی 24-4-1974 وراگواستنی لادێکان و ناوچەی پشدەر وکوشتنی سەدان کەس لە خەلکی قەلادزێ و ئەم ناوچەیە، لە کارەسات و یادەوەریە تالەکانمان و24-4-1982 وراپەرینی ئازاری 1991 یش ، لە یادەوەریە خۆش و بە جۆشەکانمانن.

## خەلکی بەش مەینەتی قەلادزێ و ناوچەی پشدەر

دوای 15 سال لە رامالینی رژێمی بەعس ودام ودەزگا سەرکوت گەرەکانی لەکوردستان ، سەرەرای ئەمە لە گەل دەیان کێشە و گیر وگرفتی گەورە و بچوک بەرەو رووین و تا ئیستا وەلامیان پی نەدراوەتەوە ، سەرباری ئەمەش لە رۆژە رەشەکانی شەری ناوخۆ و گەمارۆی ئابووری لە دوای سالی 1991 ەوە، باری سەرشانی خەلک زۆر قورستر بووە، کە هەموو ئەم شتانە بە یەکەوە وایان کردووە کەرۆژ رەشی ونەهامەتیەکانی خەلک لەم دەڤەرە ،لە جیاتی چارەسەر کردن، بەرەرو زیاد بوون بچن.

ئیمە وەک دەستەی داکۆکی ، لە یادی 24-4 دا ئەم داوایانە دەخەینە بەردەم حکومەتی هەریم وداوای جیبەجی کردنیان دەکەین:

1- قەرەبوو کردنەوەی زەرەر مەندان لە شالاوەکانی رژیمی بەعس وروودوادوەکانی دوای سالی 1991.

2- دابین کردنی خزمەت گوزاریەکانی وەک ئاوو کارەبا وجاددە وریگاو بان وخویندنگە وخەستەخانە و........هتد ، بۆ هەموو خەلک لە زووترین کاتدا.

3- وەلام دانەوە بە کیشەکانی لاوان و دابین کردنی یاریگا وهۆل وانترنیت و کتیبخانە و..........هتد.

4- هەلگرتنی خالی گومرگی دەربەند کە ئەم ناوچەیەی کردۆتە ناوچەیەک لە دەرەوەی هەریم و بەم بۆنەیەشەوە دانیشتوانی ئەم ناوچەیەی لە گەل گرانی ومەشاکیلی زیاتر بەرەو روو کردووە.

5- دابین کردنی خانوو و یارمەتی دانی ئەو خیزان وکەسانەی کە بە دەست کیشەی بی خانوییەوە دەنالینن.

6-دانانی سنووریک بۆ ئەو گەندەلی ئیداری و گرانیەی کە ئەمرۆ بووە بە کیشەیەکی گەورەی هەموو خەلکی کوردستان.

7- دابین کردنی سووتەمەنی بە هەموو جۆرەکانیەوە بۆ خەلک بە نرخی هەرزان وگونجاو.

8- بنەبرکردنی دیاردەی ناوچە گەریتی و تەزکیەی حیزبی و...هتد ، کە خەلکی لە گەل چەندین کیشەی گەورە بەرەو روو کردووە.

9- زیاد کردنی مووچەی کریکاران و کارمەندان بە شیوەیەک کە لە گەل ئاستی گرانی و پیداویستیەکانی ئەمرۆدا بیتەوە.

10-..........

ئیمە لیرەدا داوا لە خەلکی شاری قەلادزێ وناوچەکەمان دەکەین کە لە رۆژی 24-4 ی ئەمسالدا ، بۆ بەدی هینانی ئەم داوایانە بە شکل و شیوازی گونجاو ، داوای جیبەجی کردنی ئەم داوا رەوایانە بکەن و لە پشتی دەستەی داکۆکی لە ماف وداواکانی خەلک رابوەستن بۆ بەدی هینانیان.

## دەستەی داکۆکی لە ماف و داواکانی خەلکی قەلادزێ

## 2006-4-23

**بۆ پەیوەندی گرتن بە دەستەی داکۆکی لە قەلادزێ: 009647701515059 ..... هاوبەش داود**